**Christian Peacemaker Team**

**Web Site: www.cpt.org**

**E-mail: cptiraq@cpt.org**

Christian Peacemaker Teams

**تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مسیحی**

**0770 291 64 87**

**0770 762 06 41**

Christian Peacemaker Team

Web Site: www.cpt.org

E-mail: cptiraq@cpt.org

Christian Peacemaker Teams

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مسیحی

0770 291 64 87

0770 762 06 41

## مافەکانی ژنان

## تێبینیەکانی چالاکوانانی کورد

**تێبینیەکانی چالاکوانانی کورد لەسەر مافەکانی ژنان لە کوردستانی عیراق لە نێوان ئازاری ٢٠١٢ و ئازاری ٢٠١٣ و هیواکانیان بۆ ئاینده.**




**ڕاپۆرتێك سەبارەت بە باروودۆخەکەی ئێستا، پەرەسەندنەکانی ئەرێنی و ئەو بوارانەی پێویست بە گۆڕینیان دەکات، بۆ مسۆگەرکردنی پارێزراوی و یەکسانی ژنان لە کوردستانی عیراق.**

## پێشەکی

مانگی ئازار لە کوردستانی عیراق ڕوداوێکی زۆری گرتبوەخۆی: یادکردنەوەی هێرشەکان بە گاز بۆ سەر هەڵەبجە، یادکردنەوەی کۆچی موستەفا بارزانی، نەورۆز، ساڵی نوێی کوردی،ڕا پەرینی خەڵکی کوردستان و ئاماژەکردنێکی-کەم بە ڕۆژی جیهانی ژنان لە ٨ی مارس.

٨ی مارسی ساڵی پار، ئەندامانی تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی کوردستانی عیراق چونە ناو ڕیزی چالاکوانانی مافەکانی ژنانی ناوخۆ لە دەرەوەی دادگا لە سلێمانی. گردبونەوەی ئەوانە بۆ تیشکخستنەسەر کەمتەرخەمی حکومەت و دادگاکان بوو لە جێبەجێکردنی یاسای نوێی پاراستنی ژنان لە بەرامبەر توندوتیژی خێزانی . بەشداربوان ٣٠ کەسی تێپەڕ نەدەکرد، لەگەڵ ١٥ پۆلیسی چالاکی یە مەدەنیەکان بە جلوبەرگی تەواوی بەرپەرچدانەوەی ئاژاوەگێڕیەوە، وادانرابوو بونی ئەوانە لەوێ بۆ پاراستنی چالاکوانانی مێینەبێ سەرەڕای وەستانیان لە دووری سەد یاردێك لە نێوان خۆپیشاندەران وبینای دادگاوە.



ئەم ساڵ، شتەکان گۆڕابون. لە ٨ی مارس، ڕێکخەرانی گردبونەوەکە لە ١٠٠ کەس زۆرتربون، پێکهاتبون لە چالاکوانان و هاوڵاتیانی ئاسایی، زۆرینەیان ژنان بوون. ئەمە لەگەڵ بونی ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیسی مێیینە ، شتێکە تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی پێشتر لە کوردستانی عیراق نەیبینیوە. سەر لە ئێوارەکەی، چالاکوانان لە قاوەخانەی کەلتوری کۆبونەوە بۆ ئاڵوگۆڕی ئاواز، هۆنراوە، و بیروبۆچونەکان. کۆمەڵگای مەدەنی لە سلێمانی زۆر گەشبین بوون بە ئەگەرەکان بۆ دروستبونی گۆڕان لە ڕوی مافەکانی ژنانەوە لە ماوەی ساڵانی داهاتودا.

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی کوردستانی عیراق کۆمەڵێك لە چالاکوانانی دواند ئیشیاندەکرد بۆ مافی مەزنتری ژنان لە هەرێمەکە. ئێمە پرسیارمان دەربارەی بارودۆخەکانی ئەمڕۆی ژنان کرد، چی لەناو کۆمەڵگای کوردی عیراقیدا باشتربوە، چی هەیە هێشتا باشتربکرێت، و بە هیوان ئاینده چیان بۆ فەراهەم بکات.

Christian Peacemaker Team

**Web Site: www.cpt.org**

**E-mail: cptiraq@cpt.org**

Christian Peacemaker Teams

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مسیحی

0770 291 64 87

0770 762 06 41

## چاکسازیەکان و گۆڕانی ئیجابی

ئەو وەڵامانەی تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی دەستیانکەوتبوو تێکەڵاوبون، لە مەودای هەڵوێستێك کە هەر لەو کاتەی ژنان هێشتا کەوتبونە بەر مەترسیەکان، کوشتنی سڕینەوەی ئابڕوچون هێشتا ڕودەدات، خۆکوژی مێینە هێشتا لە ئاستێکی بەرزدایە، و خەتەنەکردنی ئەندامەکانی مێینە هێشتا لە ناو زۆر لە کۆمەڵگاکاندا کارپێکراوە، پاشان هیچ گۆڕانێکی ئیجابی لە ئارادا بونی نیە. هەرچەندە، چەند چالاکوانێك هەستیانکردبوو کە چەند گۆڕانێکی سیستماتیکی ڕویداوە کە بە هیوای کاریگەری مەزنتری هەبێت لەسەر بارودۆخەکە بە گشتی. بۆ نمونە، ئێستا ڕێکخراوەکان زۆرن ئیش لەسەر کێشەی مافەکانی ژنان بکەن، و هەستێکی مەزنتری ڕێکخراوەیی لە نێوان ئەم گروپانەدا هەیە. خەڵك زۆر سیاسیانە چالاکن، و ناڕەزایی، کردەوەکان، و خۆپیشاندانی زۆرتر دەگرنەبەر بۆ تیشکخستنەسەر کێشەکان ڕوبەڕوی ژنان دەبنەوە لە کوردستان. میدیاکان سەرنجی زۆرتر دەخەنەسەر ئەم کێشانە، لەگەڵ ئاستێکی بەرزتر لە ڕاگەیاندنی مافەکانی ژنان بە بەراورد بە ساڵی پار. زۆرتریش، زانیاری زۆرتر سەبارەت بەم کێشانە، هێندەی مافەکانی ڕەوای ژنان، ئێستا لەبەردەستدان.




ئەو چالاکوانانەی تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی دواندنی هەستی ئەرێنی خۆیانیان دەربڕی سەبارەت بەو ڕاستیەی کە زۆر لە کێشەکان سەبارەت بە ئازاردان ڕاپۆرتیان لەسەر بەرزکراوەتەوە بۆ بەردەم کاربەدەستان لە چاو ساڵانی پێشتردا، تێبینی دەکەن کە ژنانێکی زۆر بە چیرۆکەکانیانەوە دێنە پێشەوە. ئەمە بەهۆی بەرزتری ئاستی توندوتیژیەوە نیە لەچاو پێشتردا، بەڵکو لەبری ئەوە ژنان متمانەیان زۆرترە کە بارودۆخەکانیان دەبیسترێت و مامەڵە دەکرێت، و کە ئەوەی ئەوان پێویستە بیڵێن بە هەند وەردەگیرێت و فەرامۆش ناکرێت.

Christian Peacemaker Team

Web Site: www.cpt.org

E-mail: cptiraq@cpt.org

Christian Peacemaker Teams

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مسیحی

0770 291 64 87

0770 762 06 41

ساڵی پار، تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی چونە ڕیزی چالاکوانان بۆ مافەکانی ژنان لە دەرەوەی خانەی داد لە سلێمانی، داوای جێبەجێکردنی یەکجارەکی و تەواوەتی یاسای ٢٠١١ی کرد لە دژی توندوتیژی خێزانی لە ناو هەرێمی کوردستان لە عیراق، بە یاسای ژمارە ٨ ناسراوە. ئەم یاسایە جێبەجێکراوە، چونکە لە ڕوی دارشتنی یاساوە "توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی نەرێنیە بۆ بنەماکانی یاسای ئاسمانی و مافەکانی مرۆڤ. ڕاستیەك بەدرۆدەخاتەوە کە خێزان بنچینەی کۆمەڵگایە، بەو پێیە خێزان و ئەندامەکان پێویستە لە ترازان بپارێزرێن. کردەوەی یاسایی بگرنەبەر بۆ سەلامەتی، جێگیریی و ڕێگریکردن لە توندوتیژی خۆماڵی واتە کردەوەی ڕێگریکردن پێش ئەوەی ڕوبدات و واتە گەڕان بە دوای چاکسازی و چارەسەری تەندروستی دوای ڕودانی توندوتیژی. ئەم یاسایە پێویستە لە خزمەتی ئەم مەبەستەدابێت."

دوای دەرکردنی چالاکوانان پێشوازیان لەم یاسایە کرد وەکو پێشکەوتوترین پارچەی یاسادانان پاراستنی ژنان لە توندوتیژی خۆماڵی لە تێکڕای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست . بە داخەوە، هەر لەو کاتەوەی کە تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی لە دەرەوەی خانەی داد لە ڕۆژی ژنانی جیهانی لە ٨ی مارسی ٢٠١٢ ڕاوەستان، یاساکە بە ڕاستی تەنها چەند جارێکی کەم جێبەجێکراوە، سەرەڕای بەرزی ئاستی توندوتیژی کە بە ڕوی ژناندا ڕویداوە. هەر لەو کاتەوە، چالاکوانان تێبینیانکردوە کە ئەم مەیلە بەرەو گۆڕان دەڕوات، کە یاسای ژمارە ٨ بە زۆری جێبەجێکراوە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە زۆر لاوازە و کاتێکی پێدەچێت پێش ئەوەی ئەم یاسایە بتوانرێت بەوپەڕی توانایەوە جێبەجێبکرێت بۆ پاراستنی ژنان.

لە کۆتاییدا، ئەو چالاکوانانەی ئێمە چاومان پێیانکەوت هاندانی خۆیانیان دەربڕی سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی لەلایەن نوسینگەی سەرۆك وەزیرەوە بۆ مامەڵەکردنی کێشەکان و مافەکانی ژنان لە ناو سیستەمی داددا، ئەوان هەستیانکرد ئەمە هەنگاوێکی ئومێدبەخشبێت بە ئاڕاستەیەکی ڕاستدا دەڕوات. هەرچەندە، چالاکوانان ڕای جیاوازیان هەبوو سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئەم لیژنەیە بە ڕاستی هیچ سودێکی هەبوە لەو کاتەی پێکهێنراوە، یان هەروا خزمەتگوزاریەکی دەمچەورکردنە بۆ مەسەلەی مافەکانی ژنان بۆ ئەوەی وادەرنەکەوێت بێ سود و دورلەبابەتبێت لە بوارەکەدا.



## بێ کردەوە و گۆڕانی نەرێنی

سكالاكانی چالاكوانان بەشێوەیەكی سەرەكی لە ڕوی مافەكانی ژنانەوە بە تایبەتی ڕوبەڕوی خاوەخاوكردنی، نەشارەزایی، و هەندێجار كردەوەكانی پڕئازاری حكومەت بونەوە.

سەرەڕای بەڵێنەكانی حكومەت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان لە ڕوی مافەكانی ژنانەوە، زۆر لە چالاكوانان ئەو قسانە هەروا بە بەڵێنی بەتاڵ دەبینن. ئەوان پێیانوایە بەڵێنەكان بەس نین، و حكومەت پێویستە كرداری هەبێت. ئەوان پێیانوایە تاكو یاسای ژمارە ٨ بە تەواوی جێبەجێ نەكرێت، سەرەڕای ئەوەی حكومەت دەڵێت چارەسەری بارودۆخەكان دەكات و هانی گۆڕین دەدات، هیچ شتێك ڕونادات. بارودۆخەكە هەروەكو خۆی دەمێنێتەوە و ئەوانەشی تاوانبارن لە كوشتنەكانی سڕینەوەی ئابڕوو و توندوتیژی خێزانی بەردەوام دەبن لە كردەوەكان دور لە یاسا هەر وەكو خۆیان دەمێننەوە.




هەندێك لە چالاكوانان تێبینیانكرد كە ساڵی پار بڕیارێكی لێبوردنی گشتی حكومەت دەركرا بۆ كۆمەڵێكی زۆر لە بەندكراوەكان. ئەندامانی كۆمەڵگای مەدەنی ، هاندەری شەفافیەت و داد پەروەرین بۆ ئەوانەی بە هەڵە تۆمەتباركراون، بۆیە ئەم كردەوەیەیان بە ئیجابی لەقەڵەمدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو ئەوانەی بەردران كۆمەڵێك هەبوون دادگایی كرابون و بەندكرابون بۆ تاوانەكان لە دژی ژنان ئە نجامیاندابوو، بە كوشتنەكانی سڕینەوەی شەرەف و توندوتیژی خۆماڵیشەوە. ئەو چالاكوانانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ كردن ووتیان كە ئەوان گومانێكی كەمیان هەیە لە تاوانباری ئەو خەڵكانە، و بەڵام ئەو كۆنەبەندكراوانە گەڕاونەتەوە ناو كۆمەڵگاكانی خۆیان چونەتەوە ناو ئەو خەڵكانەی ئەوانە تۆقاندبویانن. چالاكوانن لە مشتومڕدا بوون كە ئەگەر حكومەت گرنگی بدایە بە مافەكانی ژنان، ئەوا ئەو پیاوانە نەئەبوو ئازاد بكرانایە. ئەم كردەوانە نامەیەك بۆ پیاوان لە ناو هەرێمی كوردستان بەیان دەكەن كە ئەوان دەتوانن كردەوەكانی ئازاردانی ژنان دور لە چاوی یاسا ئە نجامبدەن و بۆشی دەرچن.

هەروەك لەسەرەو ئاماژەی پێکرا، جێبەجێکردنی یاسای دژ بە توندوتیژی خێزانی  لە هەرێمی کوردستانی عیراق، یان یاسای ژمارە ٨، لە ڕوی سەلامەتی ژنانەوە بنەڕەتین. تاکو ئەم یاسایە بە تەواوەتی جێبەجیٚ نەکرێت هیچ شتێك نیە زامنی سەلامەتی ژنان بێت لە ناو کەلتوری کوردی عیراقیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، چالاکوانان لە مشتومڕدان کە ئەو دامەزراوانەی کە پێویستن لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، پۆلیس، خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی، و دادگاکان لاوازن، ڕێکخراونین، کاریگەرنین، و پڕن لە گەندەڵی.

لە ئەزمونی کەسێتی خۆیانەوە، چالاکوانان پێیانوتین کە کاتێك پۆلیس ئاگادارکراونەتەوە زۆرجار کەیسەکانی ئازاردان یان توندوتیژی خێزانی  دەرهەق بە ژنانیان فەرامۆشکردوە. ئەگەر پۆلیس لێکۆڵینەوە لە کەیسێك بکات، گرنگی پێنادات و بەشێوەیەکی پیشەگەرانە وەریناگرێت: بەڵگەکان فەرامۆش دەکەن، ووتەکان وەرناگرن، یان ڕێگەدەدەن بەڵگەکان دەستکاریان بکرێت. تەنانەت دوای ئەمەش ئەگەرێك هەیە، بە پێی ووتەی ئەو چالاکوانانەی ئێمە بینیمانن، پۆلیس دوای کەیسەکان ناکەوێت و شکست دەهێنێت لە تۆمەتبارکردنی ئەوانەی لە لێکۆڵنەوەکان تێوەدەگلێن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر کەیسێك نەگاتە دادگاکان، دەرفەتی یەکگرتویی پۆلیس کەم دەبێتەوە سەبارەت بە ڕوداوەکە، دەبنەهۆی هەڵوەشانەوەی تۆمەتەکان یان نەبونی بەڵگەی تەواو بۆ تۆمەتبارکردنی ئەنجامدەرانی ئیدیعاکراوەکان.




لەوەش زیاتر، لە ناو سیستەمی دادگادا دەسەڵاتداران کەم بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بۆ ڕێگریکردن لە ترساندنی ئەو شایەتانەی دەیانەوێت شایەتی بدەن. خەڵکێکی زۆر سکاڵایان تۆمارکردوە لەسەر هەڕەشەکانی هەراسانکردن لەلایەن خەڵکانێکەوە بە تەلەفۆنی

Web Site: www.cpt.org

0770 291 64 87

E-mail: cptiraq@cpt.org

0770 762 06 41

نەناسراو دەیکەن لە پێش یان لە ماوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی دادگادا، بە شایەتەکان دەڵێن ئەگەر بەڵگەکان بدەن لە دژی کەسێکی دیاریکراو، ئەوا ژیانیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

چالاکوانان بە تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحیان ووتوە کە سیستەمەکە لە دژی ژنان ئیشدەکات، هەروەها کە ژنان فەرامۆشکراون، و کاتێك دەنگ بکەن هەڕەشەیان لێدەکرێت. ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی زۆر لە ژنان ئاگادارکردنەوەکان لە کەیسەکانی ئازاردان نەدەن لە ترسی ئەوەی کە هیچ شتێك ناگۆڕێت تەنها ئەوە نەبێت کە خۆیان ئەکەونەبەر مەترسی گەورەتر.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ناو ئەو چالاکوانانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی لێرە دەیناسێت، بۆچونێك هەیە کە هەموو ئەم کێشانە ناتوانرێت بە حکومەت چارەسەربکرێن. لە ماوەی ٢٢ساڵ لە دوای ڕاپەڕینەکەی کورد لە ١٩٩١ گۆڕانێکی کەم بۆ ژنان لە کوردستانی عیراقی هاتۆتەگۆڕێ. سەرەڕای گەشەکردنی بواری وەبەرهێنانی جیهانی و دواتر بەرزبونەوەی ئاستەکانی گوزەران، و ئابوریەکی بەهێز لەسەر بنەمای نەوت، بارودۆخەکە بۆ ژنان هێشتا هاوشێوەی ئەوەی ١٩٩١ە. کوشتنەکان بۆ پاککردنەوەی شەرەف، توندوتیژی خێزانی ، و خەتەنەکردنی ئەندامی مێینە بەشەکانی سەرەکین لە نەریتی ژیانی کوردی، هەر لەوێشەوەیە کە هەموو کۆمەڵگای کوردی پێویستە بگۆڕێت. کۆمەڵگای کوردی پێویستە هەڵوێستەکانی خۆی بەرامبەر ژنان بگۆڕێت، و لە ناو ئایندەی کوردی عیراقیدا بە یەکسانیان بزانێت، نەك وەکو هاوڵاتیانی پلە دوو کە بەکاردەهێنرێن، هەراسان دەکرێن، و کەی بگونجێت دەستبەرداریان دەبن. تاکو ئەمە ڕونەدات، خەڵکی کوردستانی عیراق بەردەوام توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە ئاستێکی بەرزدا دەبینێت، پیاوان بەندخانەیان پێباشترە بەرامبەر کوشتن لەبری بێئابڕویی بەرامبەر گوێڕایەڵنەبونی هاوسەرێك، خوشکێك، یان کچێك.

چالاکوانانی مافەکانی ژنان لە کوردستانی عیراق ئاگاداری تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحیان کردەوە کە ئەوەندەی ٩٠ ژن لە ماوەی ساڵی پاردا کوژراون لەسەر کوشتنەکانی سڕینەوەی ئابڕو، و ئەوەندەی ٣٠٠ ژن ئاگریان لەخۆیانبەرداوە، لە هەوڵدانیان بۆ خۆکوشتن بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە دەست جڵەوی خێزانەکانیان. زۆر لەم ژنانە لە ئەنجامدا گیانیان لەدەستداوە. هەرچەندە ئەم کردەوانە بە توندڕەوی لە ناو کەلتوردا بینراونەتەوە، بەڵام زۆر لە چالاکوانان هاوسۆزن بەرامبەر ئەم ژنانە، دەڵێن هەندێجار ژنان لە کوردستانی عیراقی هەستدەکەن بەندکراون و بێبەریکراون لە مرۆڤبونیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە کاتێك زۆریان لێکراوە بەزۆر شوبکەن، هەروەها کە خۆکردن بە قوربانی و خۆکوشتن تاکە ڕێگایە ئەوانە بۆ دەربازبون. ئەوانە پێیانوایە کە خۆئازاردان تاکە ڕێگایە بۆ بەرزکردنەوەی دەنگیان لە ناو قووڵایی ئەم کۆمەڵگای باوکسالاریە.

Christian Peacemaker Team

Web Site: www.cpt.org

E-mail: cptiraq@cpt.org

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مسیحی

0770 291 64 87

0770 762 06 41

## ئایندە چی گرتۆتە خۆی؟

گرانە بزانرێت ئایندە چی هەڵگرتوە بۆ ژنان لە کوردستانی عیراق. هەندێك لە چالاکوانان پێیانوایە کە ئایندە دیارنیە هیچ موژدەبەخش بێت، کە گۆڕین زۆر خاو دەڕوات و هیچ ئاڕاستەیەکی سیاسی ئەوەندە لە گۆڕێ نیە هاندەری دادگاکان بێت بۆ دەستبەکاربون. زۆر شت هەن لە ناو سیستەمی دیموکراتی کوردستانی عیراقیدا پێویستیان بە گۆڕین هەیە.

چالاکوانان تێبینیانکرد کە گرنگترین بوار لەبەردەم گۆڕانکاری لە ماوەی چەند ساڵێکی تردا ئەوەیە یاسای ژمارە ٨ بە تەواوەتی و تێکڕایی جێبەجێبکرێت. بودجەیەك و بەرنامەیەکی نوێی دەستبەرکاربون بخرێتەبواری کارپێکردنەوە بۆ هاندانی ئەم جێبەجێکردنە، و دادوەر، کارمەندانی تەندروستی و پۆلیسی نوێ کە بەباشی ڕاهێنراون لەسەر ڕوبەڕوبونەوەی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان، پێویستە دابمەزرێنرێن. کێشەکانی سەبارەت بە توندوتیژی، یاساکە، و چۆنیەتی جێبەجێکردن بە باشترین شێوە بۆ ئەوەی ژنان هەست بە پارێزراوی بکەن لەناو کۆمەڵگاکانی ناوماڵی خۆیاندا، پێویستە چارەسەربکرێن. شێڵتەرەکان بۆ داڵدەدانی ژنان پێویستە باشتربکرێن، کەیسەکانی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان پێویستە بە گرنگیپێدانەوە وەربگیرێن، لەگەڵ سەرپەرشتی زۆر و بە ئاگایی زۆرترەوە.

لە کۆتاییدا، چالاکوانان بانگەشەیانکرد بۆ هەموو کێشەکانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئەنجامدەدەرێ بەدواداچونیان بۆ بکرێ، لێکۆڵینەوە بکرێن، و ببرێنە بەردەم دادگا، و بەگوێرەی یاساکان حوکمبکرێن، بۆ ئەوەی ژنانی کوردی بتوانن متمانە بە یاسا بکەن و هەست نەکەن ئەوان فەرامۆش دەکات.

بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٨، کۆمەڵگا پێویستە فێربێت چۆن ڕێز لەم یاسایە بگرێت. ئەو چالاکوانانەی تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی دواندنی پەسەندی بکەن کە ئەوان، پێکەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەبێ ئیشبکەن بۆ فێرکردنی ئەم کۆمەڵگایە. ئەم ئیشە پێویستە کاریگەر بێت لەسەر گۆڕینی هزر بۆ ئەوەی خەڵك چیتر هەست نەکەن کە کوشتنی ژنێك پەسەندترە لە تکانی ئابڕوو. سەرەڕای ئەوەش، کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە هانی گۆڕانی ئیجابی درێژخایەن بدات لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا.



گروپی ژیان، پێکهاتووە لە چەند ڕێکخراوێك و چالاکوانێکی زۆر، ڕووداوەکانی ڕۆژی جیهانی ژنانی ۲۰۱۳ی ڕێکخست و حەوت خاڵی سەرەکی بڵاوکردەوە بۆ بزوتنەوەی مافەکانی ژنان لە کوردستانی عیراق.

بە کورتی:

١. یاسای دژ بە توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستانی عیراق پێویستە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا جێبەجێ بکرێت.

٢. جێبەجێکردنی قەدەغەکردنی یاسای فرەژنی.

٣. حکومەت پێویستە دەرکردنی بەخشینی گشتی دەرنەکات بۆ ئەوانەی تاوانبارن لە ئازاردانی خێزانی و کوشتنەکانی سڕینەوەی ئابڕو.

٤. پێویستە یەکسانیەکی مەزنتر هەبێت لە ڕووی جێندەر و نوێنەرێتی کردن لە سیستەمی سیاسیدا.

٥. یەکسانی جێندەر پێویستە لە بودجەی نیشتمانیدا باسبکرێت.

٦. یەکسانی جێندەر پێویستە لە سیستەمی فێرکردنی نیشتمانیدا باسبکرێت.

٧. تاوانبارکردنی هەموو کردەوەکانی دامەزراوەکانی ئاینی و عیلمانیەت کە هاندەری بیرۆکەکانی چەوسانەوەی جنسین لە ناو کۆمەڵگای عیراقیدا.

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی بەردەوام بەو چالاکوان و ڕێکخراوانە هاندراوە لێرە دەیانناسێت، ئەوانەی ماندونەناسانە کاردەکەن بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژنان لە کوردستانی عیراق، بە تایبەتی سەبارەت بەوەی، زۆرێك لەم ئیشە نکۆڵین و هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی خۆیان. ئەم چالاکوانانە لەو بارودۆخەدا ئیشدەکەن پێویستی بە تێکۆشانی زۆرترە ناسراوە بەوەی شەڕێکە بەرەو بەرزایی، هەرچەندە ئەمە نەبۆتە هۆکار بۆ کۆڵدان. تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی چۆتەڕیزی زۆر لە چالاکوانان و ڕێکخستنی ڕۆژی ژنانی جیهانی ۲۰۱۳ەوە، بەهۆی ئەمەوە ڕێکخەرەکان هەوڵیانداوە تیشك بخەنەسەر زۆر لەو کێشانەی تازە لەسەرەوە باسیان لەسەرکرا.

Web Site: www.cpt.org

E-mail: cptiraq@cpt.org

0770 291 64 87

0770 762 06 41



تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی سوپاسی هەوڵەکان و سەرپەرشتیکردنەکانی کۆمەڵێك لە چالاکوانانی مافی ژنان دەکات لە سلێمانی، لە کوردستانی عیراق بۆ ئەو زانیاریەی لێرەدا باسکران. لە نوسینی ئەم ڕاپۆرتەدا، تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی هەوڵنادات دەنگەکانی ئەو چالاکوانانە بە هی خۆی بزانێت، بەڵام هەوڵدەدات بۆ ئەوانەی دابینبکات ئاشنای بزوتنەوەی مافەکانی ژنان نین لە کوردستانی عیراق بۆ مەبەستی بیستنی دەنگەکانی ئەو چالاکوانانە بەهۆی تاکە سەرچاوەیەکەوە. تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی بە هیوای بەردەوامبونە لەسەر ئیشکردن، هاندان، و پاڵپشتیکردنی، ئەو چالاکوانانە لە ئیشەکانیاندا بۆ تیشکخستنەسەر و گۆڕینی نایەکسانی و توندوتیژی جێندەر بەرامبەر ژنان کە ئەزمونی زۆرێکە لە کوردستانی عیراق.

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی هانی دەسەڵاتدارانی حکومەت دەدات بۆ ئەوەی چالاکبن لە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٨، دەستبەکاربن بۆ باشترکردنی پۆلیس، یاسا، دامەزراوەکانی تەندروستی بۆ ئەوەی دادپەروەری و یەکسانی بۆ ژنان زۆرتر لە هەناسەهەڵکێشانێك بێت – بەڵکو ببێتە ڕاستی.

تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی هانی ڕاگەیاندن دەدات بۆ جێبەجێکردنی یەکسانی جێندەر لە ناو شوێنەکانی ئیشکردنیاندا و بەردەوامبن لە تیشکخستنەسەر ئەو کێشانەی ژنان ڕوبەڕویان دەبنەوە لە کوردستانی عیراق، و فشار بخەنەسەر ئەوانەی لە ناو دەسەڵاتدان بۆ دروستکردنی گۆڕینی ئیجابی سەبارەت بەو کێشانە.

لە کۆتاییدا، تیمەکانی بنیاتنەری ئاشتی مەسیحی خۆشحاڵە سوپاسی ئەو چالاکوانانە، ژنان و پیاوانە بکات لەوانەی ژیانی خۆیانیان تەرخانکردوە بۆ گەڕان بە دوای داد و یەکسانی بۆ ژنان لە ناو کوردستانی عیراق. ئەوانە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی ئیلهام بەخش و هاندانن بۆ هەموومان.